# ڕزگاری نەتەوایەتی کورد و ئیسلامی سیاسی

ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی
Ismail_rwandzi@yahoo.com

هەموو جارێ مووچرکی ترس بە لەشما دێ کە دەبینم ، لە لایەک هەندێک نووسەر و خەڵکی بە توانای کورد کەوتوونەتە داوی ئەو تەوەهمەی کە دەڵێت :ڕەنگە کورد وەک میللەتێک ساویلکە و نەفام بێت ئەگەر سوود لە ئیسلام وەرنەگرێ بۆ رزگاری نەتەوایەتی خۆی ، وە لە لایەکی تر هەندێکی تر دەڵێن : بەو پێیەی کورد وەک میللەتێک بێ پشت و پەنا و بێکەسە نابێ لە ئێستاوە ڕووبەڕووی فیکرو پرۆگرامی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردستان ببینەوە لە پێناو لاوازنەبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ، بەڵکو دەبێ بوەستین کەی دەوڵەت یان قەوارەیەکی نەتەوایەتیمان پێکهێنا ئینجا ئەوکات کێشەی ئیسلامی سیاسیش چارە دەکەین . بەڕاستی ئەم قسانە زۆر هەڵە و نادروست و ساویلکانەن . چونکە لە ڕووی مێژووییەوە واتە لەو کاتەی کە ئیسلامی سیاسی لە دووای ڕووخانی خیلافەتی ئوسمانی سەریهەڵدا تا ئێستاش کە ئیسلامی سیاسی بوەتە هێزێک لە کوردستان ، میللەتی کورد هیچ کاتێک خاوەنی ڕووناکبیری ئایینی نەبووە . مەبەستم لە ڕووناکبیری ئایینی بەمانای ئەو ئیسلامگەراییەی کە لە شێوازی ئەمڕۆدا هاتوتە گۆڕێ . بۆیە بۆ ئەو بەشە لە کوردستان کە لە ژێر دەستی ئێراقە بەڕاستی مەسەلەی ئیسلامی سیاسی باسێکی گەرم و چارەنووسازە . کورد وەک نەتەوە لەو بەشە لە کاتێکدا کێشەی سەرەکی رزگاری نەتەوایەتییە ئەوا وازهێنان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەجندای ئیسلامی سیاسی هەڵەیەکی کوشندەیە . سەرەتا پێویستە دوو شت ڕوونبکەمەوە لە پەیوەست بە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان . یەکەمیان ئەوەیە کە نابێ ململانێ لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکان یەکسان بکەین بە ململانێ لەگەڵ ئایینی ئیسلام ، وە دووەمیان نابێ لە باسکردن لە ڕەوت و هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان فەرامۆشی مێژووی پێکهاتن و سەرهەڵدانیان بکەین ⁎ .

ئیسلام وەک ئایین و زمانی عەرەبی قورئانیش وەک دەقێکی پیرۆزی موسڵمانان هەمیشە ئامرازی ناسیونالیزمی عەرەب بووە بۆ سەپاندنی هەژموونی کلتووری میللەتی عەرب بەسەر میللەتی کوردا .لە واقعدا ئایینی ئیسلام نەک تەنیا لە لایەن ناسیونالیزمی دینی بەڵکو لە لایەن ناسیونالیزمی سیکولاری عەرەبیش بەکارهاتووە بۆ دژایەتی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد . ئەمەش کە دەیلێم مێژوویەکی بەرچاوی هەیە و سەدان نمونەش شاهێدی لەسەر دەدەن و بەردەوامی ئەم کێشمەکێشەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و بەکارهێنانی هەستی ئایینی میللەتی کورد لە لایەن ناسیونالیزمی عەرەبەوە دەسەلمێنێ . من لێرە مەبەستم باسکردنی دەمارگیری نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی نیە ، بەڵکو لە باری مێژووییەوە دەمەوێ بڵێم کە ئیسلام هەمیشە ئامرازێک بووە لەبەردەستی ئەو کەسانەی کە حاشایان لە بوونی میللەتی کورد کردووە ، وە ئەوەی کە ئیمڕۆ هەندێک ڕووناکبیری کورد باس لە وە دەکەن کە گوایا میللەتی کورد سوودی لە ئیسلام وەرنەگرتووە بۆ چارەی کێشەی نەتەوایەتی خۆی ئەوا خۆی لە خۆیدا یۆتۆپیایەکی کوشندەیە . ئێمە وەک نەتەوە خەریکە ئەمڕۆ لە قۆناغێکی زۆر

دیارکراودا ڕووبەڕووی ئەم ڕەوتە دەبینەوە و بەڕاستی زۆر درەنگە بێین وەک نەتەوە ئایینی ئیسلام بکەین بە ئامرازێک بۆ رزگاری نەتەوایەتی . با دوور نەڕۆیین خۆ مێژووی ئێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا ئەگەر بخوێنینەوە زۆر بە ڕاشکاوی دەردەخا کە نەک تەنیا ناسیونالیزمی دینی بەڵکو ناسیونالیزمی غەیرە دینی عەرەبیش سوودی لە ئایین وەرگرتووە بۆ دژایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد .

مەسەلەی دووەم کە زۆر گرنگ و چارەنووسازە بۆ ڕۆشەنبیرانی کورد ئەوەیە کە نابێ کاتێک باس لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکرێت فەرامۆشی ئامانجی کۆتاییان بکرێ ، چونکە ئەگەر دیقەت بدەینێ "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان" و "کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان" و هەموو ڕەوتەکانی تری ئیسلامی ( کە ئەمانە یەکسان نین بە ئایینی ئیسلام ) لە ئامانجی کۆتاییاندا باوەڕیان بە "ئوممەی ئیسلام "ی هەیە . بۆ من ڕاگەیاندنی سیاسی ئەم هێزە ئیسلامییانە لەمەڕ کوردستان و کوردبوونیان گرنگ نیە . بۆچی؟ چونکە بەرنامەی ئیسلامی سیاسی لە هەموو حاڵەتێکدا جۆرێک لە ئەنترناسیونالیزمی ئایینی تێدایە کە تیایدا نەتەوەی کورد زۆر نزمترە لە "ئوممەی ئیسلام" . بەمانایەکی تر یەکگرتویی "ئوممەی ئیسلامی" زۆر بەرزتر و گرنگترە لە یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد . بەڕاستی لەم قۆناغە چارەنووسازەی ئەمڕۆ هەرکەسێک و لایەنێک بێت بە من یان بە میللەتەکەم بڵێ من دەمەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەر بنچینەی بیرێکی نەتەوەیی پێکبهێنم ئەوا یان دەیەوێ لە ڕووی سیاسیەوە خۆم و میللەتەکەم فریو بدا یان فریودراوە . تێگەیشتن لەم مەسەلەیەش زەحمەت نیە چونکە ئیسلامی سیاسی باوەڕی بە سنووری نەتەوەیی بەو مانایەی بیری نەتەوەیی ئیدعای دەکا نیە . ئا لێرەدایە کە بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی ئیدعا دەکەن کە وەختی ململانێ نیە لە گەڵ بیری ئیسلامی سیاسی بە بیانووی لاوازنەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ، دەڵێم بەڕێزان بەشێک لە ڕێگری جیدی ڕزگاری نەتەوایەتیمان بەکارهێنانی هەستی ئایینی و ئیسلام بووە وەک ئیسلامێکی سیاسی . مێژوو دەگێڕێتەوە و تەئکید دەکا کە بۆ کورد ئیمڕۆ زۆر درەنگە بیەوێ سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرێ و مێژوو پێچەوانە بکاتەوە بۆ رزگاری نەتەوایەتی لە کاتێکدا بیری ئیسلامی لە سەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و قەوارە نەتەوەییەکان دژایەتی کرد لە بەدەستڕاگەیشتنی میللەتی کورد بە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی . زۆر گرنگ و چارەنووسازە کە نابێ هێزە نەتەوەییەکان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ژێر هێچ باروودۆخێک سازش بکەن لە ڕووی بە ئیسلامیکردنی خەباتی نەتەوایەتی ، چونکە ئەجندە و پرۆگرامی ئیسلامی سیاسی ( "یەکگرتوو" و "کومەڵی ئیسلامی" ...هتد ) نەتەوایەتی نیە . داهاتووی قەوارەی سیاسی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ژێر دەستی ئێراق ئەمڕۆ لەم قۆناغە کۆنکرێتە سیاسییە مێژووییەی پێی تێپەردەبێ بەدەر لە ئیرادەی من و ئەوان و هەموومان بەستراوەتەوە بە دوور کەوتنەوەی میللەتی کورد لە بیرو پرۆگرامی ئیسلامی سیاسی . بۆچی ؟ چونکە کورد وەک میللەتێک ئەگەر ئەمڕۆ دەرەفەتێکی هەیە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی ئەوا بەدەر لە ئیرادەی خۆمان ئەوەیە کە نابێ خۆی ڕووبەڕوو بکاتەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا . دیقەت بدەنێ کە ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی هەمان پەیام و شوێنی ناسونالیزمی ڕادیکاڵی عەرەبی و مارکسیزمی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جارانی هەیە لەمەڕ دژایەتی کردنی "ئیمپریالیزم"ی ئەمریکا . بۆیە کورد وەک میللەتێک بەو هەموو ئەزموون و خەباتەی کە

هەیەتی دەبێ زۆر زیرەک تر بێت لەوە تراژیدیای سەردەمی جیهانی "شەری سارد" دووبارە بکاتەوە و خۆی بێت جێگای ڕەوتەکانی دژی ئیمپریالیستی ئەو سەردەمە بگرێتەوە . ئەم مەسەلەیە گاڵتە و شۆخیکردن نیە ، وە مەسەلەکە دیالۆگ کردنیش نیە ، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە ڕووبەڕووی ڕەوتێکی سیاسی ئیسلامیین کە لە ڕەوتێکی مێژوویی زۆر دیاریکراودا وە لە واقعێکی سیاسی زۆر کۆنکریتدا دەیەوێ بازبداو میللەتی کورد تووشی کۆمەڵێک گرفت و کێشەمکێش بکات کە نە لەگەڵ ئەو ڕەوتە مێژووییەی ئەمڕۆ یەکدەگرێتەوە وە نە خۆی دەبەستێتەوە بەو وەزعە سیاسیە دیاریکراوەی کە تیایدا تێپەر دەبین .

زۆرجار هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان باس لە کوردستانیبوون و ڕەسەنایەتی خۆیان دەکەن . بەڕاستی ئەگەر نەمانەوێ یەکتر فریو بدەین ئەوا بیری ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان هەر لە "یەکگرتووی ئیسلامی" ەوە بگرە تا "کۆمەلی ئیسلامی" و بەشی زۆری ، نەک هەمووی ، ئەوانی تر لە ڕەسەنایەتیێکی کوردی بەهرەمەند نین و خۆماڵیش نین ، بەڵکو شتی دەستکردن و لە دەرەوەدا هاتوون . تا ئێستاش میللەتی کورد خاوەنی بیرمەندێکی موسلمانی ڕەسەنی کوردستانی ، کە تەفسیر و سەربەخۆیی فکری کوردستانی هەبێ ، نیە . ئەوەی تا ئێستا ئەگەر بوویێش زیاتر لەژێر کاریگەری بیرمەندە ئیسلامییەکانی عەرەب و تورک وفارس بووە و نەگونجاو بووە لەگەڵ پێویستی جێگەی کورد لە هاوسەنگی جیهانیدا .

کاتێک باس لە قۆناغی دیاریکراو و کۆنکریتی سیاسی ئەمڕۆی چارەنووسازی کورد دەکەم لە پەیوەند بە ئیسلامی سیاسی مەبەستم ئەوەیە کە کێشمەکێش لە سەر دەستهەڵاتی سیاسی لە کوردستان قەوارەی سیاسی و سەروەری سیاسی داهاتووی کورد دیاری دەکا . لەم بەینەدا کاتێک هێزە ئیسلامییەکان بە هەر هۆیەکەوە دێنە مەیدانی ئەم کێسمەکێشە ، وە بەمەش هێزە نەتەوەییەکان لەگەلیێدا ڕووبەڕوو دەبنەوە ئەوا نابێ ئەوە بشارینەوە کە بە خەڵک و میللەتی کوردستان بڵێین کە ئەم هێزە ئیسلامییانە ئەجندا و پرۆگرامی نەتەوەییان نیە ، بەڵکو ئەمانە بەدوای پێکهێنانی "ئوممەی ئیسلامی" ین ، "ئوممە"یەک کە تا ئەمرۆش ڕێگری جیدی و سەرەکی رزگاری و قەوارەی سیاسی نەتەوایەتی کورد بووە . بۆیە دەبێ ڕۆشن بکرێتەوە بۆ میللەتی کورد کە لە لایەک ململانێی ئێمە لەگەڵ ئایینی ئیسلام نیە ، وە لە لایەکی تر ئەم هێزانە لە کاتێکدا بەهۆی بیرو و پرۆگرامیان ناتوانن نەتەوەیی بن ئەوا لە حالەتی تێکچوونی باروودۆخی کوردستان بە قازانجیان ناتوانن ڕەسەنایەتی کوردستانەیان هەبێ .

⁕ بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەرە بکە :
http://rwandzi.blogfa.com/